وردیلەچیرۆک

# پووها پووها!

**حەمەفەریق حەسەن**

ئەمڕۆ لە کوردستان دایداوەتە باران. دەیدا لە خانووی نزم و لە گەڵای مسرەنگ و بەنێو درزە لێو وشکەکاندا دزە دەکاتە ناخی خاک و... تێکڕا دەڵێن سوپاس بۆ خوا، ساڵەکەی خۆش دەبێ! گۆیندەیەک خێرئامای لە باران کرد و لەسەر شێوازی مامڵێ (بارانە)ی چڕی. منیش لای خۆمەوە خێرئامام لە باران کرد و چەترم هەڵدا. خاک خێرئامای لە باران کرد و نەرمە تۆزی لێ بڵندبوو. درەختیش بەشێوەی خۆیان خێرئامایان لەباران کرد و بەم بۆنە شادەوە پاک پاک خۆیان شۆرد. گوڵە نیوە ڕۆحەکان بەئاگاهاتنەوە و ئارایشتی خۆیان دا.. بەڵام پشیلە خرپنە سوورباوەکە، کە تیسکەکانی پێکەوە لکابوون، بەبێزارییەوە خۆی ڕاوەشاندو تنۆکە سارد و وریلەکانی بە چوارکەناریدا پرژاند.

ئەم بارانە باڵابەرزە بەرچاوڕوونە چەند بەلوتف و بێلایەنە، هەر جارێک سەریدابێ، درکیشی لەپاڵ گوڵاڵەدا ئاوداوە! وەلێ کەسمان وێنەی ڕووبار بەتەنگ بارانەوە نەبووین. ئەو ئامێزی بۆ واڵاکرد، دڵۆپەکانی کۆکردەوە، دەستی گرتن و لەگەڵ خۆیدا، هەتا دەریا بەڕێی خستن و لەنێو یەکیشدا ئامێتەبوون. ماسییە بریسکەدارەکانیش قاقا پێکەنین.

منی شێوەکار خۆزیا و بریامە کلاوبەسەر داکا، تاکو پاش باران، خۆر قەڵەمە ڕەنگییەکانی بێتەوە یاد، دەستە دەستە لە جانتا سپییەکەی شانی دەریانبێنێ و لەو تاقی ئاسمانە، کۆلکەزێڕینەیەکی گەورەم بۆ بنەخشێنێ و لە باخچەکەمدا بەهار و گوڵەکانی پێ بئەفرێنێ..

هەر ئەمڕۆ لە باکووریش دایداوەتە باران. بەڵام لەوێ لچیان لێ بەیەکدا دا. پرچ زەردێکی بەژن زراڤی لووت قنج، بە تەواوی بێزارییەوە وتی: ((نەبڕایەوە، هەمدیس بارانە، پووها پووها!)) ئای لەم هەورەش چەند کاڵفامە! دەفڕێ و دەفڕێ، لە ئاسمانی بان دەریاکانی باکووردا، لە نسێ و بەستەڵەکەکاندا، لەنگەر دەگرێ و دەیبارێنێ. کەچی ئەو لە ئاستی بیابانەکاندا توند چاوانی دەقووچێنێ و یەکبەخۆی هەڵدەتیزێنێ! من نازانم کەی، ئەم هەورە ڕۆحسووکە ئاسمانگەردە پێدەزانێ، کە بیابان لە پێشوازیی ئەودا فەرشی سووری ڕاخستووە و لە نسێکانی جەمسەری باکووریش چەمۆڵەی لێ دەنێن و نێوچاوان تێکەدەنێن، وەختێ لەوێ دەیبارێنێ!؟

June 21, 2007

پووها، وشەیەکی دانیمارکییە بۆ دەربڕینی بێزاریی، بەمانای پەککوو یان ئۆف!